# نامەیەک لە حاجی میرزا عەبدوڵڵای خادیم بۆ م. زەکی ئەحمەد هەناری

**ئا: سەرنووسەر**

<u>سلێمانی</u>

٩٦٧/٥/٨ (١)

بـۆ خزمەتـی بـرای زۆر موحتـەرەم و شـیرین کاک زەکـی (١) پێشکەشـە

**شەماڵ چرپاندی بەگوێما ئەمڕۆ**

**مژدەی سحەت و سەلامەتی تۆ**

ئـەوەل بـە سـەڵاوێکی زۆر گـەرم یادتـان ئەکـەم، نامەیـی شـیرین عیبارەتـت وەرگیـرا، شـوکری خـودام کـرد بـۆ ئـەم مژدەیـە، ئـەوە (ی) نووسـیبووتان هەمـووی لـە دڵمـا تەسـدیقە، چونکـە شـاهیدی قسـەکانت دڵـی خۆمـە، خـودا ئەیزانێ هەمـوو کاتێ بـە دڵێکـی زۆر گـەرم (و) موشـتاقەوە یادتـان ئەکەم و زۆرم پـێ خۆشـە دائیـم لێتـان نێزیـک بـم، ئەمما ڕۆژگار مانیعـە، بەزانینـی خەبـەری سـەلامەتیتان، قەناعـەت ئەکـەم و حـەز ئەکـەم جارجـار نامـەم بـۆ بنێـری، چونکـی زۆرم نەمـاوە بەجێتـان بێڵـم (٢)، وەصفولحـاڵ

**پیری و بێتاقەت، قامەت چەماوە**

**جزیادت موونس لەلام نەماوە**

نووسـیبووتان لـەم هاوینـە بـۆ زیارەتتـان زۆرم پـێ خۆشـە ئەگـەر موهلـەت بدرێـم، جـا قسـمەت نازانـم بـۆ کوێـم دەبـا. بـۆ مەسـئەلە (ی) عەزیـز خۆشـناو (٣) تەبلیغـی سـەڵاوی تـۆم کـرد، ئەویـش مقابلتـان عـەرزی سـەڵاوی هەیـە، ئەڵـێ ئیجازەکەم ڕێـگای نەبـوو بـەو جێگایـەدا بـڕۆم، لەبەرئـەوە چـاوم پـێ نەکەوتـووە، ئیتـر زۆر عـەرزی ئیحتیـرام و سـەڵاوم لـە خزمـەت کاک صابـر (٤) هەیـە، خسـووس هەرچـی لێـم دەپرسـی.

**موخلیس**


**ئیمزا**

**حاجی میرزا عەبدوڵڵا (٥)**

**پەراوێزەکان:**

(١) زەکـی: مەبەسـتی (م. زەکـی ئەحمـەد عوسـمان هەناری)یـە، لـە سـاڵی ١٩٠٩، لـە شـاری کۆیـە لـە دایک بـووە. لـەلای مـەلا حەبیبـی ئەحمـەد شـەمامێ دەسـتی بـە خوێنـدن کـردووە. سـاڵی ١٩٢١ چووەتـە قوتابخانـەی سـەرەتایی و لـە پۆلـی دوو، دەسـتی بـە خوێنـدن کـردووە. سـاڵی ١٩٢٥، پـاش بڕینـی قۆناغـی سـەرەتایی، چووەتـە بەغـدا و لـە خانـەی مامۆسـتایان وەرگیـراوە، هەمـوو سـاڵێک بـە یەکـەم دەرچـووە و خوێندنەکـەی تـەواو کـردووە. لـە ١٩٢٨/١١/١٠ بـە مامۆسـتای قوتابخانـەی سـەرەتایی لە کۆیـە دامەزراوە. سـاڵی ١٩٣٨ بـووە بـە بەڕێوەبـەری قوتابخانـەی سـەرەتایی (ثانیـة) لـە کۆیـە. لـە ١٩٣٩/٥/١دا بووەتە

بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەرەتایی لە شەقڵاوە. لە ١٩٤٤/٣/٤، وەزیفەکەی لە مامۆستایەتییەوە گۆڕاوە بۆ پۆستێکی کارگێڕی و بووە بە بەڕێوەبەری ناحیەی هۆرێن لە شێخان. لە ١٩٥٤/١٠/٢٨ بووەتەوە بە مامۆستا لە قوتابخانەی خالیدییەی شاری هەولێر، پاشان بووەتە بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەرەتایی قادرییە لە کۆیە. لە پاییزی ساڵی ١٩٥٨، بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەرەتایی تەق تەق بووە، دیسان لە کۆیە بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەرەتایی (قەندیل)ی ئێواران بووە. لە ١٩٥٦/٤/٢٤دا بۆ قوتابخانەی گوندی (ماجیداوا)، لە دەشتی (دزەیی)یان گواستراوەتەوە. ساڵی ١٩٦٣ بە بەر هەڵمەتی گرتن و ڕەشبگیری کەوتووە و لە بەندیخانە تووشی نەخۆشیی شەکرە و دڵ بووە. لە ساڵی ١٩٥٨ تا ١٩٦٧ لە کۆیە بووەتە بەڕێوەبەری


سلێمانی
١٩٦٧/٥/٨
بو خزمەتی برای زور محترم و شیرین کاک زکی پیشکەش
شەمال چرپاندی بەگوی مامرو موژدەی صحت و سەلامەتی تو
اول بە سەلاویکی زور گەرم یادتان ئەکەم نامەی شیرین عبارەتت وەرگیرا
شوکری خدام کرد بوئەم موژدەیە ئەوە نوسیبوتان هەموی لە دلما تصدیقە
چونکە شاهدی قەکانت دلی خومە خدا ئەیزانی هەموکاتی بە دلیکی زور گرم
موشتاقەوە یادتان ئەکەم و زورم پی خوشە دائم لیتان نیزیک بم اما
روزگار مانعە بە زانینی خەبەری سەلامەتیتان قناعەت ئەکەم وەهەر
ئەکەم جار جار نامەم بو بنیری چونکی زورم نەماوە بەجیتان بیلم وصف الحال
پیری و بی طاقەتی قامەت چەماوە × جز یادت مونس لە لام نەماوە
نوسیبوتان لەم هاوینە بو زیارتتان زورم پی خوشە اگر مهلەت بدریم جا
قسمت نازانم بو کویم دەبا بو مسئلە عزیز خوشناو تبلیغی سەلاوی توم کرد
ئەویش مقابلتاً عرض سەلاوی هیە ئەلی اجازە کەم ریگای نەبو بەو جیگایە
دابروم لەبەرئەوە چاوم پی نەکەوتوە ایتر زور عرض احترام و سەلاوم لە
خزمەت کاک صابر هیە خصوص هرچی لیم دەپرسی
مخلص
حاجی میرزا عبدالله




قوتابخانەی سەرەتایی باواجی، دواتر ئەمینداری کتێبخانەی گشتیی کۆیەی پێ سپێردراوە. باوکی (٦) کوڕ و (٣) کچ بووە، بێجگە لە زمانی کوردی، زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی و فارسی زانیوە، شیعری نووسیوە و لە گۆڤاری (گەلاوێژ) و (هەتاو)دا بڵاویانی کردووەتەوە. لە پاش خۆی (٦) بەرهەمی جۆراوجۆری بەجێ هێشتووە، ڕۆژی ١٩٦٧/٧/٩ کۆچی دوایی کردووە.

(٢) حاجی میرزا عەبدوڵڵا لە نامەکەیدا نووسیویەتی: (زۆرم نەماوە بەجێتان بێڵم)، نامەکە لە ١٩٦٧/٥/٨ نووسراوە، کۆچی دواییەکەی لە ١٩٧١/١/٥ بوو، واتە دوای ئەو قسەیەی نووسیویە، نزیکەی (٣) ساڵ و (٧) مانگ و (٢٧) ڕۆژ ژیاوە، ئەوجا کۆچی دوایی کردووە.

(٣) عەزیز خۆشناو: ڕێکەوتەکانی ڕۆژگار وایە، هەندێ جار کەسێک لە کاتێکی گونجاو و لە شوێنێکی گونجاو دەبێ، لەوانەیە بەهۆی ئەو ڕێکەوتەوە، ئایندە و چارەنووسی کەسێک بگۆڕێ و بەرەو باشە یەکلای بکاتەوە. لە سەرەتای چلەکاندا، م. سابیر ئیسماعیل، مامۆستای قوتابخانە سەرەتاییەکەی گوندی بێتواتە دەبێ، لەوێدا ڕوحمی دەکەوێتە سەر منداڵێکی هێمن و هەژار، بە ڕەزامەندیی هەموو لایەک دەیهێنێتە ماڵەکەی خۆیان لە کۆیە، دەڵێ لەوانەیە لە ئیشوکارە سووکەڵەکانی ماڵەوەیان یارمەتیان بدات، بەڵام م. سابیر ئیسماعیل دەینێرێتە بەر خوێندن، ئیتر خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەکانی کۆیە تەواو دەکات، پاشان لە دواناوەندی پیشەسازی کەرکووک، لە بەشی چاپەمەنی وەردەگیرێت، لەوێ وەک قوتابییەکی چالاک و زیرەک ئەرکەکانی سەرشانی جێبەجێ دەکات. دوای دەرچوونی، دەنێردرێتە پەیمانگەیەکی تایبەت بە چاپکردنی ڕەنگاوڕەنگ لە (لەندەن). لە سەرەتای ساڵانی پەنجاکان، دەگەڕێتەوە بۆ عێراق و لە فەرمانگەکانی حکوومەت دادەمەزرێ. لە ناوەڕاستی ساڵانی هەشتاکان دەبێتە بەڕێوەبەری کارگەی جگەرە لە سلێمانی، وەک

بەڕێوەبەرێکی خۆشەویست و سەرکەوتوو کارەکانی خۆی بە پاکی و بە ڕێکوپێکی ڕادەپەڕێنێ. ساڵی ١٩٧٤ پێوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە دەکات، بەو هۆیەوە لە بەڕێوەبەریی کارگەی جگەرە لای دەبەن و ماوەیەک دوور دەخرێتەوە، دوایی دەبینن کێشەی زۆر لە ناو کارگەکە هەیە و ناتوانن بەسەریدا زاڵ بن، حکوومەت ناچار دەبێ وەک بەڕێوەبەر بیهێنێتەوە کارگەکە، تا ڕاپەڕینی ١٩٩١ هەر لەوێ دەمێنێتەوە، دوای ڕاپەڕین، لە ساڵی ١٩٩٢، بەبێ سووچ و گەناهـ تەنیا لەبەر جیاوازی بیروڕای سیاسی، لەلایەن چەند کەسێکی ڕاسپێردراو تیرۆر دەکرێت، دوکتۆر مەحموود عوسمان سیاسەتمەداری ناسراو، خاڵی منداڵەکانی عەزیز خۆشناوە.

(٤) کاک صابر: مەبەست لێی (م. سابیر ئیسماعیل)ـە، کە لە ساڵی ١٩٠٩، لە کۆیە لە دایک بووە. قۆناغی خوێندنی سەرەتایی لەو شارەدا تەواو کردووە، دواتر لە بەغدا خانەی مامۆستایان تەواو دەکات، پاشان بە مامۆستای سەرەتایی دادەمەزرێ. لە قوتابخانەکانی: بێتواتە، کۆیە، محاویل خزمەتی کردووە. ڕۆڵێکی گەورەی لە پەروەردە و فێرکردنی قوتابییاندا هەبووە. ئەو مامۆستایە لە ڕەوشت بەرزی و هێمنی و ڕێزگرتن و بە هاناوە چوونی دەست کورت و لێقەوماواندا پێشەنگ بووە. لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨، بۆ ئەندامی لیژنەی ڕێکخراوی (لایەنگرانی ئاشتی — أنصار السلام) لە کۆیە هەڵبژێراوە. دوای خانەنشینبوونی، لە شاری بەغدا دادەنیشێ. ساڵی ١٩٧٢، هەر لەوێ کۆچی دوایی دەکات. بە بۆنەی لە دایکبوونی تاکە کچەکەی ناوی شلێر بووە، هونەرمەند تایەر تۆفیق وەک هاوڕێیەکی نزیک و دڵسۆزی م. سابیر ئیسماعیل و وەک وەفایەک بۆی، گۆرانی (شلێرە وای شلێرە)ی پێشکەش کردووە.

(٥) حاجی میرزا عەبدوڵڵا: ناوی تەواوی حاجی میرزا عەبدوڵڵا محەمەد مەولوودە، نازناوی (خادیم) بووە. ساڵی ١٨٩٥ لە شاری کۆیە هاتووەتە دنیاوە، پێش هاوتەمەنەکانی خۆی خراوەتە بەرخوێندن. لە تەمەنی (١٢) ساڵیدا بەشی هەرە زۆری کتێبەکانی سەردەمی خۆی خوێندووەتەوە. پاش مردنی باوکی، ئەرکی سەرپەرشتیکردنی خێزانەکەی کەوتووەتە ئەستۆ. لە ژیانیدا تووشی زۆر گیروگرفت هاتووە و بە ناچاری شاری کۆیەی بەجێهێشتووە و ماوەیەک لە قەڵادزێ ژیاوە. ساڵی ١٩٤٦ ڕوودەکاتە شاری سلێمانی، لەوێ شوێنی کارەکەی خۆی کردووەتە کۆڕی ئەدیبان و نووسەرانی ئەو سەردەمەی شارەکە. لە دنیای ئەدەبیاتدا شاعیرێکی هەڵکەوتوو بووە، شیعری نیشتمانی و کۆمەڵایەتیی جوانی نووسیوە، پاشان بەهۆی تێکەڵاوبوونی لەگەڵ ئەدەبیاتی فارسیدا چووەتە ناو دنیای تەسەوفەوە، کە ئەمەش لە بەشێک لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. لە سەردەمی سەفەربەلگ مەینەتی و دەربەدەری زۆری دیوە، زۆر لەو چەرمەسەریانەی بە شیعر دەربڕیوە. ئاشنایەتی تەواوی لەگەڵ شیعری مەحوی هەبووە، بۆیە زۆر دەربڕین و زاراوەی نێو شیعرەکانی ئەوی دووبارە کردووەتەوە. دیوانی شیعرەکانی بە (٢) بەرگ بەناوی دیوانی خادیم، لە ساڵی ١٩٨٠، لەلایەن (جەمال محەمەدئەمین)ـەوە ئامادە و ساغ کراوەتەوە. ئەم دیوانە لە بەغدا، لە چاپخانەی دارولحوریە لە چاپ دراوە. لە ١٩٧١/١/٥ کۆچی دوایی کردووە و لە گردی جۆگە، لە شاری سلێمانی بە خاک سپێردراوە.

*** ئەم نامەیە و هەندێ ڕوونکردنەوەم، لەلایەن (م. فەوزی زەکی هەناری)یەوە بۆ هاتووە، زۆر سپاسی دەکەین.**